

# ئاوڕێ لەنیشتیمانی پەرییان

ئیسماعیل خورمالی

2005

سەبرتان بێ ، کەمتر لە ماچی شەو ورۆژ
دەگەمەوە هەڵکوڕمانی بەر پەنجەرەتان
دەگەمەوە شەڕی بێ ئامانی شەمامانتان
دەگەمەوە ناو کۆڵانە سەوزەکانی عەیاریتان
سەرسوچە زەردەکانی بەدبەختیتان
سەبرتان بێ  ناسکە مێیان سەبرتان بێ
ڕۆژێک دادێ بگەمەوە سێبەرتان و
لەتەک گورزی ڕۆشناییدا
تەنافی دواین تاڵیتان
لەبەفری ئەو هەموو حوزنە بتەکێنم
ڕۆژێک دادێ
بەبەهارێ لە خوێندنەوەی ،
ئەم ساڵە چامانەی ئێرەم
ئەوێتان لە زەردبوون و پایز لادەدەم
بەسەمایەک ، شیرینتر لە سەمای مردن
چاوتان خەڵتانی ڕەنگ کەم و
وەک وەرینی نمەی پایز یش بە ئارنگ
وەک جریوەی پیرە باخێ  بەلاسەری ئێوارەوە
دڵتان لە جووکەی تەیران تەڕی کەم
تا نوێژێ لە ڕووت بوونەوە دادەبەستێن
تا کەڵەکێ لە بۆڵ و مەم قەلا دەکەین
تا سێبەرێ لە چەمانەوەم  دەگاتە ئاڵە سێبەری ڕووتبوونەوەتان
تا پێکەوە چایەک لە ئاگر و لەززەت هەڵدەدەین
سەبرتان بێ ڕۆژێک دادێ
دەگەمەوە ناو فڕین و  ناو ماڵەکانی ئاگر تان
ناو سێبەری باخە ستیانی نوور و ڕەحمەتتان
سەبرتان بێ
تا دەبمەوە بە پەروانەی دەشتی گیانتان

تادەبمەوە بە ئاوێنەی پڕ لەمەکری هەڵواسراوتان
تا دەبمەوە بە نێرگزی ووشک هەڵاتووی ناو کتێب و
بە بارانی نمە مردووی سەر چەترتان !
سەبرتان بێ تادەبمەوە
تا دەبمەوە بە سێبەری
سەرو پرژی دزەماچی ژووانێکتان
بەتاوە هەڵمی زستانی کۆلێژێکتان
لەدەمی قاوە خوردنەوەی پشوویەکدا
لەدەمی خوێندنەوەی شیعرێکی تەڕو عاشقانەی ،
ڕۆژنامەیەکی عاشقدا
سەبرتان بێ
تادەبمەوە
بە سوبحی ئاو ڕشێنێکتان
بە پرژی سەرووشک کردنەوەی عەسرێکتان
بە ئەنگووستی لە شیلە چووی ، تاقە لوقمی شرووبیتان
سەبرتان بی تا فڕینی پیرە هەورێ پێم ڕادەگاو
تا بە سێوی مەستایەتیتان ڕادەگەم
تا بە بێستانی دوا خەون و
بە شەمامەی ووشک هەلاتووی ئارەزووتان
بە خەرمەنی خونچە هیوای هەڵوەریوتان شاد دەبمەوە
سەبرتان بێ ناسکە مێیان سەبرتان بێ
سانا نییە لەم دوورەوە
باران نەبی و
ڕۆژاوا بە ڕۆژهەڵاتەوە بلکێنی !
قرچە نەبی و
ڕۆژ لە ڕۆژ و
تریفە لە شەو بفڕێنی !
مەکری
تاقانە مەکری مێ نەبی و
قەڵەم بە شارای ڕەنگەوە لە خشتە بەی !
سانا نییە خودا نەبی و
عەتری هەموو پەرییەکانی خوا بناسی
خودا نەبی و
تامی هەموو کچەکانی خوا بزانی !
خودا نەبی و بەبێ باکی
لەبەرنیلەی ، هەموو ژنە بەجۆشەکاندا هەڵاژێ ی !
سانا نییە ناسکە مێیان
ماسی نەبی و
هاوسێ ی قەوزە بەیتانت وەچنگ کەوێ
جەلاد نەبی و
لەخوێنی میهرەبانێکت وە چاو بکەوێ !
سانا نییە ئاخەر سانا نییە
ناسکە مێیان

خودا نەبی و
بخوازی بە فیزەی باران
بەم هاوینە
بگەیتەوە بەرقاپییەکانی نیشتیمان !
سانا نییە بەڵام خێڵە پەروانەی من
دڵنیابن ڕۆژێک دادێ
لە برووسکە تیژتر دەگەمەوە
بە زبرایی ئەو پیاوانەی
لە مەستیتان حاڵی نابن !
بە جاڕی ئەو قەڵەمانەی
گوڵیان بەشی نازتان ناکا !
ئەێڕۆ ئەیڕۆ
گوڵی کەستان بێ نازنەبێ و
کۆستی قەڵەم خوڕەم نەبێ
ئاخەر کەنگێ
دەمی ماچ و دەمی تفەنگ وەک یەک دەبن
جاڕ و نزار ، ماچ و ژەهر وەک یەک دەبن
ئاخەر کەنگێ  بۆرە پییاوان
لەخوێندنەوەی ئێوە حاڵی دەبن
سەریان ، لە نازتان دەردەچێ
ئەوان کەنگێ
لەزکری عیشق نامەیەکدا دەف دەکوتن
لەحەژمەتی عەسرێکتاندا ، گوڵێ
لاسکێ دەخەنە گوڵدانی مێیینەتان
تەنها جارێ
دەمی تینووبوونتان ،
بەهەناراوێ تەڕدەکەن !
ئاخەر کەنگێ وەکوو ئێمە
لەدرەنگ شەوی شیعرێکدا
باڵاتان بەپەروانە و گوڵ پەرژین دەکەن !
بەدوکەڵی تریفەی سوور دەتانپۆشن !
سەبرتان بێ
ناسکە مێیان سەبرتان بێ
چەند رۆژێکە و
بە شڵپ و هوڕی ئەو شینە چەمانەدا دەگەمەوە
چەند رۆژێکە و
بە نێو کەلاوەی ئەو ڕەنگانەدا دەگەمەوە
چیدی
چیدی لە دۆڕانتان خۆش نابم
چیدی
چیدی لەپەڕ وەرینی چۆلەکەی کچێنیتان
لەنزاری بێ مەیلیتان بێدەگ نابم
وەلێ ، بەگەورەییتان بمبەخشن

که پایزم به سەوزایتان کەرەم کرد
کە بە شینیی
ئاگرم بە لاولاوی پەنجەرەتان ناساند
کە پەروانەم لەتەواشاتان هەڵفڕاند
وەبێ خەتا
هەوام دانە ناو تەنووری فیرقەتەوە
وە بێ خەتا هەوام دانە ، ناو ئەو سەدە چۆڵانەوە
دەبوو لە خوێنتانا خەڵتان بم
وەلێ
چرای چاوم لە کوچەتان دانەبڕایە
دەبوو پەلپەلم کەن
قەت قەت پشتم لەبەهارتان نەکردایە
ئای من چەن بێ وەفام
لە ئاستانەی ڕەنگتان
لەئاستانەی قریوەتان
لە ئاستانەی گوڵە نازی سوبح و
پیاسەی زەردەپەڕو ئێوارەتان
لە ئاستانەی ئەو ڕۆژانەی
بەلێزمەوە دەهاتنە ناو هۆڵەکانی شیعر
بە گڕەوە گوێتان لە دواهەمسە ئاگرینەکان دەگرت
دڵتان دڵتان لەبای شیعر دەکردەوە و
بە غیلیتان
بە پاڵەوانی چەقی حیکایەتەکان دەبرد
بەغیلیتان بە ناو بردنی گوڵەکان دەبرد
ئای من چەن بێوەفام
لە ئاستانەی مسکی ڕژاوی شەقامتان
لەئاستانەی تاقانەیی یەک نیگاتان
لەئاستانەی
سێوی دڵتان بە سێبەری سەوزایی شەو
لیمۆی ئیمانێکتان ، بەسەر چڵی ئەوینەوە
بەگەورەیتان بمبەخشن
تا شاد دەبمەوە
بەمەحشەری سێوەکانتان
بە مەحشەری حووزن و
بە مەحشەری ڕەنگتان
تا شاد دەبمەوە
بەپەنجەرە و بە قاپیتان
تادێمەوە
سنگتان لە با داخەن
با بەپەنجەم بە حەژمەت نەمرێ !
دەس لە نازی پەرچەم لادەن
با چاوی دڵ بە کوێر نەیە !
دەخیلتانم پەریانی سێوە نیشتیمان

ماچ بەلێوی مەدەن ، بۆنی خوێنی لێبێ
ڕوو بە ڕوو ی جەلادێ مەدەن
چەقۆی  لە کێلان و لەکێلانی گۆشتاندابێ !!!
بە بەیتی بۆرە عاشقێ
تەریقەتتان لێ نەگۆڕێ
بە دەسگرتنەوەی جامبازێ
قەیاغتان نغرۆی ئاو نەبێ  !
سەبرتان بێ
تا بەقەڵەمێ لە پەروانە شاد دەبنەوە
قەڵەمێ لەڕیشاڵی سورمەی ستیانە سپیەکانتان
قەڵەمێ لەنزای تەیر و لە مووی گیانتان
لەتووڵی باڵ اچنار و لەکەوسەری کانی لەشتان
سەبرتان بێ
لەڕەشبوونەوەی زەمەنی ڕیحانێکدا
بەپاڵ هەڵاژانی وەنەوشەوە
لەناو پەڕی بێچووە بازێکدا دێمەوە و
بەچنگی سەوزی شیعرەوە ، لەدەرگاتان دەکوتم
بەکلک وباڵی شیعرەوە
خۆم لە پەنجەرەتان دەسووم
سەکۆی دڵنییای ئاوپرژێن کەن
ئاوێنەی گوومان بەر هەتاوی دوودڵی مەدەن
لەیەکەم ڕۆژی هاتنەوەم ، هەتا مردن
خۆم هەر خۆم لە شمشاڵی خەمتان دەژەنم
خۆم هەر خۆم لەڕوباری ئنووسەتاندا
جەنگی مەلەی پەلەوەرە پەمەییەکان ڕادەگەیەنم
لە کازیوەی ڕۆژێکی تازە مەخمەڵدا
بەبەرچنەی قۆغ وهەنار وترێ وە
دێمەوە بەر شوورای گیانتان
لەتای ترازووی خەمێکی کەڵەگەتدا
هەزار ڕەزی ئاسوودەیتان دەدەمێ
لەسەر باڵی ماچێکی سەوز
لە گۆیژەوە تا جەننەت دەتانفرێنم
ڕەقیبتان وەک مار ، لەناو کەڵەکی بەردا دەسوتێنم
سەکۆی دڵنیایی ئاورشێن کەن
دیسانەوە دەڵێم
ئاوێنەی گوومان بەرهەتاوی دوودڵی مەدەن
دێرم لەباڵندەی باخەکانی مۆنامۆیە و
لەئەفیوونی نیشتیمانێکی تایبەتە
کەهاتمەوە
کچ گەل
خوا بناسن  ،
گەردی دۆزەخم لێکەنەوە و
بایی شیعرێ

ناز و نیگا و مێوژی ماچێکم بەنێ
خوداش لە خێر دەری نەکا
تەڕم کەن بە گوڵەنمەی باراناوتان
سەفەرێ لەسەر کۆتری گۆشتم پێ کەن
خودا لە خێر دەری نەکا
بزرم کەن
لە کۆڵانە پەمەییەکانی خۆتانا
دەمم بخنن لەپایز و
لەنێگزی گیانتان
ئامان یاران
دەخیلتان بم ئێوە وەک من مەبن
من من
سەدەیەکە مێرووولەی ژەهر تێی داوم
لە ئەوڵین ڕۆژی تاراوگەوە هەتا ئێستە
شەختە ڕۆژم بە زووقم و بەرد دەبا و
بەفر ئاگری سرەوتم دەسووتێنێ
متمانەکەن
بێ دەنگی ئێرە موچوڕکی پیاو کوژانم وەبیر دێنێ
حەشاردانی نامەکانی هەور لەوەنەوشەم بەبیر دێنێ
هانای نالی و مەرگی وەفاییم بەبیر دێنێ
دەخلتان بم ئێوە وەک من مەبن
ئێوە
ئێوە
وەک من مەبن
ناسکە مێیان
ئێوە
وەک من مەبن !!!

2005/ئەڵمانیا